# ڕێنوێنی دابینکردنی خانووبەرە بۆ پەنابەران لە سکۆتلەند

## بژاردەکانی پێوەندیدار بە خانووبەرە لە گلاسگۆدا

بڵاڤۆکی 1 – دیسامبەری 2010

scottish refugee council

Kurdish Sorani

ئەگەر بۆ داواکاریی پەنابەریەتی ئێوە وەڵامی ئەرێنی (پۆزیتیڤ) بدرێتەوە، ئێوەش هەر ئەو ماف و خزمەتگوزاریانەی وەردەگرن کە هاووڵاتییانی ئینگلیزی هەیانە؛ لەوانە ئازادی بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان.

ڕەنگە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لە گلاسگۆ بن. لەم کاتەدا، ئەم نامیلکە چۆنیەتی دابینکردنی خانووبەرە بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە و هەروەها دەڵێت کە ئەگەر وەرگرتنی یارمەتی پەنابەریەتی لە نووسینگەی ناوەندی NASS (پێشوو) ڕاگیردرێت چ بارودۆخێک دێتە پێشێ.

### من مۆڵەتی نیشتەجێ بوونم هەیە - ئێستاکە بارودۆخەکە چۆنە؟

پاش وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیا لە دامەزراوەی سنوورەکانی بەریتانیا، ئیتر وەکو پەناخواز نادرێنە قەڵەم. واتە ئەم دامەزراوەیە چی تر پشتگیری ماڵیی یان خانووبەرە پێشکەشی ئێوە ناکات.

### دەتوانم چ کارێک بکەم؟

ئێوە دەتوانن:

- فۆرمی بێ سەرپەنایی پڕ بکەنەوە و بینێرن بۆ شارەوانی شاری گلاسکۆ؛
- لە ڕێکخراوی خانووبەرەی ناوچە لەوانە ڕێکخراوی خانووبەرەی گلاسکۆ (GHA) داوای خانوو بکەن.
- لە پێوەندی لەگەڵ کرێی تاکەکەسی ڕاوێژ و ڕێنوێنی داوا بکەن.

ئەگەر سەرچاوەی ماڵیتان لە بەر دەست دایە، دەتوانن لە بیری کرینی خانوویەکیشدا بن. بەشی دواتر، سەبارەت بەم بژاردەیە زانیاریی زۆرتر پێشکەشی ئێوە دەکات.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk

ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازی تۆمارکراوە لە سکۆتلەند. دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراوی: SC008639

**من لە خانوویەکدا کە لەلایەن ئەنجومەنی شاری گلاسگۆوە دابین کراوە دەژیم. بارودۆخی من چۆن دەبێت؟**

ئێوە نامەیەکتان لە لایەن (UKBA)ەوە پێدەگات بەم نێوەرۆکەوە کە یارمەتی ماڵیی و ماوەی دانیشتنی ئێوە لەم ماڵەدا لە ماوەی 28 رۆژدا کۆتایی پێدێت. هەرچەند، ئەگەر داواکاریی بێ خانەولانی پێشکەشی ئەنجومەنی شاری گلاسگۆ بکەن، ئیمکانی درێژەی نیشتەجێ بوونی ئێوە لەم ماڵەدا بە واژۆ کردنی گرێبەستێکی کاتیی درێژەی دەبێت. فەرمانبەری پرۆژەکەی ئێوە لەلایەن خزمەتگوزاری پشتگیری پەنابەریەتی گلاسگۆوە لەگەڵتان دیدار دەکات و سەبارەت بەوەی کە بە مەبەستن جێبەجێی بکەن، پرسیارتان لێدەکات.

**من لە خانوویەکدا کە لەلایەن Angel یان (YMCA)ەوە دابین کراوە دەژیم. بارودۆخی من چۆن دەبێت؟**

ئێوە نامەیەکتان لە لایەن (UKBA)ەوە پێدەگات بەم نێوەرۆکەوە کە یارمەتی ماڵیی و ماوەی دانیشتنی ئێوە لەم ماڵەدا لە ماوەی 28 رۆژدا کۆتایی پێدێت. ئێوە دەبێت ئەم ماڵە بەجێ بهێڵن. نیگەران مەبن؛ ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کە داواکاریەکی بێ خانەولانی پێشکەش بکەن و ئەنجومەنی شاری گلاسگۆ دەبێت لە ریگای نیشتەجێ بوونی کاتییەوە یارمەتی ئێوە بدات تاکو بتوانێت ماڵێکی هەمیشەیی بۆ ئێوە بدۆزێتەوە.

**ئەگەر داواکاریی بێ خانەولانی پێشکەش بکرێت چ روودەدات؟**

ئەگەر داواکاریی بێ خانەولانی پێشکەشی ئەنجومەنی شاری گلاسگۆ بکرێت، ئەم ئەنجومەنە ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە تا کاتی بریاردان لەسەر داواکاریەکەتان، ئێوە نیشتەجێ بکات. بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بەو بژاردانەی کە لە پێش دان، سەردانی ماڵپەری ئەنجومەنی شاری گلاسگۆ بکەن:

http://www.glasgow.gov.uk/en/Residents/YourHome/HousingOptions/Homelessness/

بۆ بریاردان لەسەر داواکاریەکەی ئێوە، ئەنجومەن دەبێت هەندێ بابەت لە بەرچاو بگرێت. لەوانە:

- بێ خانەولانی ئێستای ئێوە یان ئەگەر و شیمانەی ئەوە پەسند بکات؛
- بریار بدات کە داواکاریەکەی ئێوە بخاتە چ سەرپشکێکەوە؛ لەبەر ئەوەی کە کەسانێکی زۆر لە خانووبەرە دەگەڕێن. بۆ نموونە دەبێت تەندروستی ئێوە و هەرکام لە ئەندامانی خێزان کە لەگەڵ ئێوە دەژین، لە بەرچاو بگرێت. هەروەها هەبوونی منداڵ و بارودۆخی ئێوە وەکو پەناخوازیکی پێشوو، لە بەرچاو بگرێت.
- لەوەی کە لە رەوتی بێ خانەولان بووندا، ئێوە بۆخۆتان تەقسیر و هەڵەیەکتان نەبووە دڵنیا ببێتەوە. لەوێوە کە ئێوە ناتوانن شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستاکەی خۆتان بەجێ بهێڵن، لەوە بە دوورە کە ئەنجومەن ئێوە وەکو کەسێک کە بە ئەنقەست بێ خانەولان بووە لەبەرچاو بگرێت.

**چۆن ئاگادار ببمەوە کە ئەنجومەن لەسەر من بریاری داوە؟**

ئێوە نامەیەکتان پێدەگات کە بریاری ئەنجومەن لە ماوەی 28 رۆژ پاش داواکاریەکە، بە ئێوە رادەگەینێت. ئەگەر ئەم بریارە لە روانگەی ئێوەوە نادروست بێت، دەتوانن داواکاریی پێداچوونەوە پێشکەشی ئەنجومەن بکەن. ئێوە دەبێت پێش جێبەجێ کردنی ئەم کارە دەستبەجێ راوێژکاریی بکەن: بە گروپی دابینکردنی خانووبەرەی کۆچبەران بە ژمارەی **0800 085 6087**، یان یەکێ لە دامەزراوەکانی ریزکراو لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا پەیوەندی بکەن.

**ئەنجومەن منی وەکو بێ خانەولان دیاری کردووە. ئێستاکە بارودۆخی من چۆن دەبێت؟**

ئەنجومەن بۆ ئێوە ماڵێکی هەمیشەیی دەدۆزێتەوە. ئەنجومەن بژاردەکانی شوێنی نیشتەجێ بوون بە شێوەی نووسراوەیی پێشکەشی ئێوە دەکات. ئەگەر ئەم بژاردانە لە روانگەی ئێوەوە شیاو نەبن، مەجبوور نین ئەم پێشنیارانە قبووڵ بکەن. هەرچەند، پێش رەتکردنەوەی پێشنیاری خانووبەرە، بەردەوام دەبێت لەگەڵ گرووپی دابینکردنی خانووبەرەی کۆچبەران بە ژمارەی **0800 085 6087**، یان لەگەڵ دامەزراوە ریزکراوەکانی کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا راوێژ بکەن.

پێویست ناکات کە چاوەڕوانی ئەوە بن کە شارەوانی وەکو خانوو شوێنێ بۆ ئێوە پێشنیار بکات.

ئێوە دەتوانن:

- لە رێکخراوی خانووبەرەی ناوچە لەوانە رێکخراوی خانووبەرەی گلاسکۆ (GHA) داوای خانوو بکەن.
- لە پێوەندی لەگەڵ کرێی تاکەکەسی راوێژ و رێنوێنی داوا بکەن.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بەو بژاردانەی کە لە پێش دان، سەردانی ماڵپەری شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/asylum_seekers_and_refugees/asylum_seekers_with_leave_to_remain/former_asylum_seekers_and_homelessness#3

**چۆن خانوویەک لە یەکیەتی خانووبەرە بە کرێ بگرم؟**

ئەگەر تەمەنی ئێوە لە سەرەوەی 16 ساڵ بێت، دەتوانن لە رێگای هەموو یەکیەتیەکانی خانووبەرەوە دەست بەکار ببن.

ئێوە دەتوانن لە هەر یەکیەتیەکی خانووبەرەی نزیک خۆتان، فۆرمێکی داوانامە و هەروەها زانیاریی سەبارەت بە چۆنیەتی دەست بەکار بوون و چۆنیەتی تەرخان کردنی خانووبەرە لەلایەن یەکیەتیەوە وەرگرن. زۆربەی یەکیەتیەکان ریزی چاوەڕوانی زۆر درێژیان هەیە؛ کەواتە لەم بژاردە وەکو تەنیا بژاردەیەک کە لە پێشدایە کەڵک وەرمەگرن.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە چۆنیەتی بەکرێ گرتنی خانوو لە یەکیەتیەکی خانووبەرە، سەردانی ماڵپەری شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/housing_associations

**چۆن لە رێکخراوی خانووبەرەی گلاسکۆ (GHA) خانوو بە کرێ بگرم؟**

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی لە پێوەندی لەگەڵ بە کرێ گرتن لە GHA دەتوانن سەردانی ئەو ماڵپەڕەی خوارەوە بکەن:

http://www.gha.org.uk/content/default.asp?page=s14

لەگەڵ فۆرمەکە، رێکخراوی خانووبەرە بلاڤۆکێکی زانیاریی بە ئێوە دەدات کە ئەو بابەتانەی خوارەوە تیایدا شرۆڤە کراوە:

- چۆن فۆرمەکە پڕ بکەمەوە؛
- چ بەڵگەگەلێکتان وەکو کارتی پێناس لەگەڵ بێت؛
- پاش پڕکردنەوەی فۆرم چ روودەدات؛
- رێکخراوی خانووبەرە چۆن بڕیار دەدات کە بە چ کەسانێک زووتر خانوو بدات.

**هەڵبژاردنی خانوو لە گلاسکۆدا**

هەندێ لە فەرمانگەکانی خانووبەرە (HAs) خاوەن سیستەمێکن بە ناوی هەڵبژاردن بەپێی کرێ. ئەو فەرمانگانەی خانووبەرە کە لەم سیستەمە کەڵک وەردەگرن بریتین لە رێکخرای خانووبەرەی لینک، رێکخراوی خانووبەرەی گلاسکۆ و رێکخراوی خانووبەرەی کیوب.

ئامانجی فەرمانگەکانی خانووبەرە کە بەپێی سیستەمی هەڵبژاردن بەپێی کرێ کار دەکەن ئەوەیە کە بۆ ئێوە بژاردەگەلێکی زۆرتر پێشکەش بکەن لە پێوەندی لەگەڵ شوێن و جۆری خانوویەک کە پێتان خۆشە تیایدا بژین.

هەموو حەوتەیەک لە ماڵپەڕەکان و رۆژنامەکاندا ئەو خانووانەی کە هەن دەکرێنە ئاگاداری. بۆ ئەوەی کە بتوانن بکەونە بەر سیستەمی هەڵبژاردن بەپێی کرێ، دەبێت فۆرمێکی داواکاریی/ناونووسی پڕ بکەنەوە. پاش ناردنی فۆرمی داواکاریی/ناونووسی، رێکخراوی خانووبەرە بەپێی بارودۆخی تاکەکەسی ئێوە ژمارەیەکی رفرێنس و گرووپی پێشتریتی بە ئێوە دەدات.

ئەگەر خۆشتان لە ماڵێک هات، دەبێت کە لە رێگای ئینتەرنێتەوە و بە شێوەی ئانلاین داواکاریی خۆتان پێشکەش بکەن یان دەتوانن لە رێگای تەلەفۆن پەیوەندی بکەن بە بەرپرسانی خانووبەرە یان سەردانی ئەوێ بکەن.

**چۆن دەبێت موڵکێک لە خاوەنماڵی تایبەتی بەکرێ بگرم؟**

رێگای جۆراوجۆر بۆ دۆزینەوەی موڵکی تایبەتی بۆ بەکرێ گرتن هەیە:

- پرسیار لە خێزان، هەوالان یان هاوکارەکان سەبارەت بە ئەگەری ئاگاداری ئەوان لە سەر شوێنێ بۆ بە کرێ گرتن
- چاولێکردنی ئاگاداری سەر شووشەی دوکانەکان و سەر تابلۆی راگەیاندنی سووپەرمارکێتەکان، ناوەندەکانی کۆبوونەوە یان کۆلیجەکان و زانکۆکان. هەروەها دەتوانن ئاگاداریەک لەسەر ئەوەی کە لە شوێنێ بۆ بەکرێ گرتن دەگەڕن، دالکێنن.
- چاولێکردنی ئاگاداری لە رۆژنامە و گۆڤارە خۆجێییەکاندا
- گەڕانی سەر هێڵ (ئانلاین): ماڵپەڕی زۆر هەن کە ریزی ئەو موڵکانەی کە بۆ بەکرێ دانراون، پێشکەش دەکەن
- پرسیار لە ئەنجومەنی خۆجێیی سەبارەت بە زانیاریی پێوەندیدار بە خاوەنماڵە تاکەکەسیەکان
- ئاژەنسگەلێک کە کاریان بەکرێدانە - ئەوانە لە زۆربەی شوێنەکانی فرۆشگەکاندا نووسینگەیان هەیە یان ئەوەی کە دەتوانن بە شێوەی ئانلاین لەوانە بگەڕێن.

هەندێ بابەتی جۆراوجۆر هەیە کە دەبێت بۆ بەکرێ گرتنی تایبەتی لە بەرچاو بگیردرێن. دەتوانن نامیلکەی 6 لەم کۆیە لە ژێر سەردێری "بەکرێ گرتن لە خاوەنماڵێکی تاکەکەسی" چاولێکەن کە لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەندا هەیە. دەتوانن سفارشتی زۆرتر لە گرووپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران بە ژمارەی **0800 085 6087**، وەرگرن.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر بەکرێ گرتنی خانوو لە خاوەنماڵێکی تایبەتی، سەردانی ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/renting_privately/finding_private_rented_accommodation

**بارودۆخی خوێندکاران چۆن دەبێت؟**

کاتێ زانینگەیەکی (کۆلیجێکی) زانکۆ سەرپەنایەک بۆ ئێوە پێشنیار دەکات، دەبێت زانیاریگەلێک لەسەر دابینکرنی خانووبەرەش بۆ ئێوە بنێرێت. ئەگەر زانیاریتان وەرنەگرت، بە بەشی دابین کردنی خانووبەرەی کۆلیجەکەوە پەیوەندی بکەن.

ئەگەر خوێندکارن، ریزی ئەو خاوەنمالآنەی کە بەکرێ خانوو دەدەنە خوێندکاران، لە نووسینگەی خانووی خوێندکاریی داوا بکەن.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر دابین کردنی خانووبەرەی خوێندکاریی، سەردانی ماڵپەری شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/student_accommodation

وەکو خوێندکارێک، دەتوانن لە رێگای یەکیەتی خانووبەرە یان (GHA)ەوە بۆ دابین کردنی خانووبەرە دەست بەکار ببن یان لە خانووی تاکەکەسی بگەڕێن.

**چۆن خانوویەک بکڕم؟**

ئەم بابەتە گرنگە کە لە کاتی کڕینی خانوودا، لە راوێژکارێکی پێوەندیدار بە دارایی سەربەخۆ لە پێوەندی لەگەڵ تێچوونەکان و پارەی پێویست رێنوێنی وەرگرن و راوێژ بکەن تاکو دڵنیا ببنەوە کە دەتوانن لە داهاتوودا لە ئەستۆی خاوەندارێتی ئەوە بەر بێن.

رەوتێکی یاسایی، بەرژەوەندیەکانی ئێوە و فرۆشیار لە کاتی کڕینی خانوودا دەپارێزێت. حەتمەن لە کەسانی دڵنیا، چاکتر وایە لە پارێزەرێک، راوێژکاریی وەرگرن. ئەو کارانەی کە پێویستە جێبەجێی بکەن، لێرەدا ئاماژەی پێکراوە:

- لە توانای خۆتان بۆ کڕینی خانوو ـبۆ وێنە توانایی ماڵی – دڵنیا ببنەوە. خەرجیی تر وەکو خەرجیی یاسایی و خەرجیی پێداچوونەوەش هەیە.
- پارێزەرێک بدۆزنەوە کە بتوانێت بە رەوتە یاساییەکەدا رابگات
- موڵکی دڵخوازی خۆتان بدۆزنەوە

بۆ کڕینی خانوو، کۆیەک لە رەوتەکان هەیەو بە ئەگەرەوە کاتی درێژخایەن بۆ ئەم کارە پێویستە. هەروەها دۆزینەوەی شوێنی شیاو دەتوانێت خەرجیی هەبێت؛ کەواتە کەڵک وەرگرتن لە راوێژکاریی شیاو، پێویستە.

دەتوانن بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر چۆنیەتی کڕینی خانوو، سەردانی ماڵپەری شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/buying_a_home

**له کوێ دەکرێت زانیاریی زۆرتر وەرگیردرێت؟**

**گروپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران لە ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتڵەندا**

بۆ وەرگرتنی راوێژکاریی یان دیاری کردنی کاتیکی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەری راویژکاریی، بەم ژمارە تەلەفۆنە بەخۆڕاییەوە پەیوەندی بکەن: 0800 085 6087

**شێلتێر سکۆتلەند (Shelter Scotland)**

بۆ وەرگرتنی راوێژکاریی بەخۆڕایی، بەم ژمارەوە پەیوەندی بکەن: 0800 800 4444

**کردەوەی کاریگەر بۆ دابین کردنی خانووبەرە (Positive Action in Housing)**

بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر خزمەتگوزاریەکانی ئەم دامەزراوە، بەم ژمارەوە پەیوەندی بکەن: 0141 353 2220